# ڕاگەیاندنی ژنان: مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی، شوێنی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا "توێژینەوەیەکی شیکاری مێژووییە"

**د. شیلان یاسین خضر**
زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن
shelan.khidhir@su.edu.krd

**پوختە:**

ڕاگەیاندن وەك هەر بوارێکی دیکە لە ئێستادا بە زانستی کراوە و تایبەتمەندی وەرگرتووە، لقی دیکەی لێدەبێتەوە، وەك: (ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دارایی، ژنان، زانستی، وێژەیی، هونەری، وەرزشی،...)، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە کاتی بایەخدانی جەماوەر بە هەریەك لە بوارە جیاوازەکان سەربەهەڵدا، واتا (بۆ دەستەیەکی دیاریکراوی جەماوەر و بە چەند بابەتێکی تایبەت و لە بواری تایبەت). ئەم توێژینەوەیەش، پوختەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەوا هەست بە گرفتەکانی بکەیت، کە بریتییە لە باسکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ژنان و تیشك خستنە سەر ناوەرۆکی ئەو بڵاوکراوانە، کە تایبەت بە ژنان دەرچووە. گرینگییەکەشی دەرخستنی لایەنی مێژوویی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە، بە تایبەت ڕاگەیاندنی ژنان. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتەیە کە ڕاگەیاندنی ژنان پێشکەشی کردووە. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاری مێژووییە، خاوەن تایبەتمەندییەتی خۆیەتی. لە کۆتاییدا توێژەران **چەند پێشنیازێك دەخەنەڕوو لەوانەش:** ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان گرنگی زیاتر بەم بوارە بدەن و قوڵتر بچنە سەر ئەم بوارە و هەوڵبدرێ کەناڵی ئاسمانی تایبەت بە ژنان لە کوردستان دابمەزرێنرێت. لە **گرنگترین ڕاسپاردەش:** پشتیوانیکردن لە ڕاگەیاندنی ژنان و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنیان.

کلیلە ووشە: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، ڕاگەیاندنی ژنان

**ملخص البحث:**

يتطرق هذا البحث لاعلام المراة كفرع من فروع الاعلام الى جانب الفروع السياسية، الاقتصادية، الاجتماعية، المالية، العلمية، الادبية والفنية والفروع الاخرى، لما تلعبه المراة من دور هام في حياة الفرد والمجتمع لرفع مستوى الوعي وتقدم المستوى الاقتصادي والسياسي وتعريف تراث الشعوب المختلفة . يتضمن هذا البحث ثلاث اجزاء الجزء الاول مخصص لمنهاج البحث، والجزء الثاني يتحدث عن الاعلام المتخصص اما الجزء الثالث يتحدث عن اعلام المراة وتاريخ ظهورها وفي ختام البحث نقدم عدد من الاقتراحات والتوصيات . نتائج البحث يتضمن هذا البحث اعلام المرأة وتاريخ ظهورها وتقدمها في الاعلام الكوردي. فهو بحث عام في مجال اعلام المراة او النساء بمجالاته المرئية والمسموعة والمكتوبةوبالاخص اعلام نساء كوردستان ودورهن في ظهور وتقدم الاعلام المتخصص. هذا البحث بحث تاريخي وصفي اضافة الى انه يتضمن الحديث عن الاعلام المتخصص وضرورة هذا النوع من الاعلام في التاريخ وكيفية ظهورها وتقدمها واخذها الطابع الخاص في مجال الاعلام المقروء. وفي تحليل وتطبيق هذا النوع من الاعلام نحصل على ان تاريخ الاعلام الكوردي في مراحل تقدمه برغم من بطىء تقدم الملحوظ الا ان هذا النوع من الاعلام كان رائدا لجميع القضايا والمواضيع الاعلامية الكوردية وهذا ما جعله يعرف بالاعلام النسوي وله طابعه الخاص.

الكلمات المفتاحية: الاعلام المتخصص : الاعلام المرأة

**Abstract**

The present study discusses women's media as one of the media branches, such as political, economic, social, financial, scientific, literal or any other branch. This is because women have a major role in developing the level of life awareness of the individual and society, the economic and political levels, and the definition of societies and the cultural acquaintance between them.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

The study consists of three parts. The first part is devoted to the study methodology while the second part discusses specific media. The last part explains women's media and its development.

The study also provides some recommendations and suggestions at the end.

**Results of the Study:**

This study discusses the women's media, its history, development, and its place in the Kurdish media. The study summary states the following:

This is a general study of women's media, including visual, readable and listening. It specifically focuses on Kurdish women's media and their role in developing this specific type of media. The research is a descriptive and historical study. Although the characteristics of this medium are explained in particular, the study also focuses on the necessity of the presence of this branch of media in history, its rise and development, and the formation of its specificity, especially in the readable media.

While discussing the practice of this specific branch of the media, it was found that the history of the Kurdish media through its developmental approaches compared to the issues of the Kurdish media, is the pioneer. Thus, the public headlines indicate the existence of this media branch, which was developed and known as Women's Media, and has its own characteristics.

Keywords: Women specialized media - women's media

**پێشەکی:**

ئەگەر گەڕانەوەیەکی کورت بکەین بۆ نووسینی ژن و خامەی ژنی کورد، دەبینین مێژووی سەرهەڵدانی ژنی ڕۆژنامەنووسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە(ماه شوكت ئەردەڵان) ناسراو بە مەستورەی کوردستانی (1805 – 1848) لەناو ڕاگەیاندنی ژنانی کوردستان بە یەکەم ژنە مێژوونووس دەناسرێت، کە کتێبی مێژووی ئەردەڵانی نووسیوە، لە ڕۆژنامەگەری ژنانی نوێشدا نووسەرەکانی ڕۆژنامەی ‹ژین و ژیان› کچ نەبوون، بەڵکو هاندانێك بووە بۆ ژنان و پیرەمێردی شاعیر و نووسەرەکانی دیکە بابەتیان وەك هاندانێك بە ناوی ژن، یان کچەکەی خۆیان نووسیوە، ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مێژووییە و باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ژنان دەکات و دواتر تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوانە، کە تایبەت بە ژنان دەرچووە. ئامانجیشی دەستنیشانکردنی لایەنی مێژوویی و خستنەڕووی ئەو خزمەتانەیە، کە ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن پێشکەشی جەماوەری کردووە. گرنگییەکەشی لەوەدا بە دیار دەکەوێت، کە بۆچی گرنگە ژن ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆی هەبێت؟ ئەم بوارە (بواری ژنان) چۆن چۆنی خزمەتی ڕاگەیاندنی کوردی دەکات و ژنی کورد چی لێوە فێر دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، بەشی دووەم: کورتە باسێکی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، بەشی سێیەم: ڕاگەیاندنی ژنان و مێژووی سەرهەڵدانی، پێشنیاز و ڕاسپاردەشی لەخۆ گرتووە.

**بەشی یەکەم: 1- ڕێبازنامەی توێژینەوەکە**

**1-1 گرفتی توێژینەوە:** خاڵی سەرەتای هەر توێژینەوەیەك ئەوەیە، کە هەست بەگرفتەکانی بکەیت، گرفتی توێژینەوەش بریتییە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، ئەویش ئەو پرسیارانەیە، کە لە بیری توێژەرەکە لەبارەی بابەتێکی نادیار دەوروژێ و پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، گرفتی ئەو توێژینەوەیەش دۆزینەوەی لایەنی مێژوویی تایبەت بە ڕاگەیاندنی ژنانە و باسکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ژنان و تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوانەیە، کە تایبەت بە ژنان دەرچووە.

**2-1 گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە زانستییەکان لە کۆمەڵێك توخمەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە سروشتی ئەو گرفتەوە هەیە، کە توێژینەوەکە لێی دەکۆڵێتەوە، هەندێکی تریان بەو کۆمەڵگەیەی کە هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی واتا ئەو گرفتەی کە لەنێو کۆمەڵگەکە هەیە. ئەوە سەرباری ئەو گرنگییە مەعریفیەی کە توێژینەوە زانستییەکان دەیخەنە سەر بواری پسپۆڕێتییەکەیان، گرینگی ئەم توێژینەوەیەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینینەوە:

1-هەرچەندە توێژینەوە بکرێ بنەمای زانستی ڕاگەیاندن فراوانتر دەبێت.

2-دەرخستنی لایەنی مێژوویی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، بەتایبەت ڕاگەیاندنی ژنان.

**1--3 ئامانجی توێژینەوە:** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵی بەجێگەیاندنی کۆمەڵە ئامانجێك دەدات، ئامانجە پەیوەندارەکان بە توێژینەوەکە دەروازەی گەیشتنە بە ئەنجامەکان، ئەو توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کەوا بزانێ:

1- زانینی مێژووی ڕاگەیاندنی ژنان و سەرەتای دەرکەوتنی و شوێنی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا.

2- دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتەی کە ڕاگەیاندنی ژنان پێشکەشی کردووە.

**4-1 پرسیارەکانی توێژینەوە:** بەگشتی پرسیارەکانی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

1--بایەخی ڕاگەیاندنی ژنان چییە لە گەیاندنی هەواڵ و بەرنامەی ژنان بۆ ژن و زیاتر ڕۆشنبیر کردنی ژنی کورد؟

2-- بۆچی گرنگە ڕاگەیاندنی تایبەت بە ژنان هەبێت؟

**5-1 جۆری توێژینەوە:** توێژینەوەی مێژوویە: لەبەر ئەوەی ئێستا بەشێکە لە ڕابردوو ئەو میتۆدە لەئێستادا کار لەسەر لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردووی کۆمەڵگە دەکات، کار دەکات بۆ ناساندنی مێژووی پرۆسەی کۆمەڵایەتی یان مێژووی کۆمەڵگە. یان پێناسە دەکرێ بەوەی، کە بریتییە لە کەرەستەی توێژینەوە لە گرفتەکان و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی مێژووییەوە و نیشاندان و وەسفکردنی ڕووداو و ڕاستیگەلی مێژوویی، کە لە ڕابوردوو ڕوویان داوە، پاشان تۆمار کردنی وەکو خۆی.

**2-چەمکەکانی توێژینەوە**

**1-2 ڕاگەیاندنی تایبەتمەند:** بریتییە لەو ڕاگەیاندنەی، کە تەنها خزمەت بەو لایەنە دەکات، کە بایەخیان پێدەدات یان ئەو کۆمەڵەی کە خزمەتیان دەکات، ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی تێدایە و پەیامەکانیشی فۆرمێکی تایبەتی پسپۆڕییان هەیە، هەروەها جەختدەکاتە سەر ئەو هەواڵانەی تایبەتن بەو بوارەی، کە گرنگی پێدەدات. واتا بۆ چینێکی تایبەتمەند و دەستەبژێری تایبەت دەردەچێت، کە ئەوەش پێچەوانەی ڕۆژنامەنووسی گشتییە، کە بەبێ جیاوازی بۆ سەرجەمی خەڵك دەردەچێت(قادر،2007،ل25).

**2-2 ڕاگەیاندنی ژنان:** بریتییە لەو ڕاگەیاندنەی کە بایەخ بە کاروباری ژنان دەدات و ئاریشەکانیان دەخاتەڕوو هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات. مەرجیش نییە بە تەنیا ژن لەو بوارەدا کاربکات بەڵکو زۆرجار پیاویش هاوکاریانە و شانبەشانیان درێژە بەو ڕاگەیاندنە تایبەتمەندەی بواری ژنان دەدەن.

**بەشی دووەم: کورتە باسێکی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

**سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند:**

**بەهۆی پێویستییە بابەتییەکانەوە، هەبوونی ئاریشەیەکی تایبەت بە بواری تایبەتمەند و چارەسەر کردنی دۆزە تایبەتمەندەکان،** لەکاتی بایەخدانی جەماوەر بە هەریەك لە بوارە جیاوازەکان ڕاگەیاندنی تایبەتمەند سەریهەڵدا و پەرەیسەند، واتا بۆ دەستەیەکی دیاریکراوی جەماوەر و بە چەند بابەتێکی تایبەت و لە بواری تایبەت سەریهەڵدا. بە سەرنجدان و وردبوونەوە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ڕێچکەیەکی نووسینی یەکگرتووە لە چوارچێوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کۆ دەبێتەوە، هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێنراو، چاپ نەکراو دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتەوە بایەخ بە لایەنێك لە لایەنەکانی مەعریفەی مرۆیی بدەن و بگەنە جەماوەرێکی دیاریکراو. بێگومان ئەم جۆرەی ڕاگەیاندنیش لەخۆوە نییە، بەڵکو پسپۆڕی و لێزانی دەوێت و دەبێت کارمەند و ستافەکەی ڕۆشنبیر بن لەو بوارە، هەتاکو بەردەوامیش بێ دەبێت نزیکی و ئاگادار بوون لە نێوان ڕاگەیاندکارەکان و خوێنەر (جەماوەر) هەبێت. بۆ ئەوەی بزانین ڕەنگدانەوەی چۆنە،(تاهیر،2020،ل50) ئەم ڕاگەیاندنەش (تایبەتمەند) لەلایەن خۆیەوە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکات و پرۆسەی گەشەسەندن و بەرەنگار بوونەوەو پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت لەماوەی کارکردن و خزمەتکردنیدا، بۆ ماوەیەکی درێژ کار لەسەر دەستەبژێرییەکی زۆری جەماوەر دەکات. بەڵام دەکرێ شیکردنەوەی ئاوا بە قسە قورس بێ، بێگومان کار لەسەر کردنیشی هەر قورسە و پێویستی بە ماندوبوون و کات تەرخانکردنە. نموونەش هەیە: لەوانەش ئەو گۆڤارانەی تایبەتە بە بواری پزیشکی چەندین نەخۆشی و نیشانەکانی و چارەسەرکردنیان دەخاتە بەردیدی خوێنەران و بابەتی پزیشکی و تەندروستی دەوروژێنێت و زانیاری زیاتر دەداتە خوێنەر. لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی فێرکاری و ڕۆشنبیری و هەبوونی ئارەزووی زیاتر بۆ ڕووداوەکان و زیاتر قووڵبونەوە لێیان و کاریگەری لەسەر وەرگر، ڕاگەیاندنی گشتی لق و پۆپی نوێی لێبووەوە و تایبەتمەندی وردی وەرگرت.(خضور,2003,ص7). ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ڕۆڵی بەرچاو دەگێرێ لە بەدەستهێنانی فەرمان و ئامانجی گشتی بۆ ڕاگەیاندنی جەماوەری تایبەتمەند لەوانەش: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر، برەوپێدانی ڕۆشنبیری زانستی و چارەسەرکردنی گرفتی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و پرکردنەوەی پێداویستییەکانیان و بایەخدان بە گرفتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان (السرور، 2005.).

**ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لەسەر دوو بنەمای سەرەکی پێکدێت:**

**یەکەمیان:** بابەتی تایبەتمەند یان پسپۆڕییە، کە بابەت بەشێوازێکی شارەزا و پسپۆڕانە بۆ جەماوەری تایبەتمەند ئامادە دەکات وەك بابەتی زانستی یان دارایی یان سیاسی یان هەر بوارێکی دیکە، کە ئەمە پەیامەکەی ئاراستەی کۆمەڵێك خەڵکی دیاریکراو دەکات. کۆمەڵێك بابەت و گرفت لەسەر مەسەلەی ژن و منداڵ و گەنج و قوتابی و پیشەوەرە جۆر بەجۆرەکان چارەسەر دەکات ئامانجی هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن و مەعریفەیە.

**دووەمیان:** جەماوەری تایبەتمەند: کە ئەو بابەتانەیان ئاراستە دەکات. (واتا وەرگری تایبەتمەند) (ابراهیم، 2006، ص13). ئێستا ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ئەوەندە چڕبۆتەوە ئاگاداری وەرگرەکانیەتی کە چییان پێویستە چونکە جەماوەرەکەی جەماوەرێکی بەرتەسکە، تەنها خۆی لە بوارێکدا دەبینێتەوە، کە ئەویش بواری تایبەتمەندییەکەیەتی

**هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لەسەر چەند هۆکارێك سەریهەڵدا لە گرنگترینیان:**

1-فراوانبوونی بوارەکانی زانیاری و هۆشیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان و چالاکییە ڕۆشنبیری و مرۆیی و کۆمەڵایەتی یەکان ...هتد.

2-زیادبوونی گرنگی ڕاگەیاندن بۆ توێژە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان بەجۆرێك، کە ڕاگەیاندنی گشتی لە توانایدا نەما بە شێوەیەکی فراوان پێداویستی ئەو توێژانە دابین بکات. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی شێوازێکی دیکە لە ڕاگەیاندن، کە ئەویش ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بوو.

3-گرنگیدانی زیاتر بە میدیا لەلایەن جەماوەرەوە، بەمەش گرنگی و بایەخی زیاتری میدیای تایبەتمەند بە دیار کەوت.

4-لەبەرامبەر گەشەکردنی تەکنەلۆژیادا ئاژانسی جۆراوجۆری تایبەتمەند دروست بوون، گرنگی زۆریان بۆ ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند هەیە، چونکە زۆربەیان تایبەتن بە بوارێك لە بوارەکان و پێویستیان بەوە هەیە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند لەو بوارەدا کاریان لەگەڵدا بکات.

**پێویستییەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند:**

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە چوارچێوەی ئەرکە گشتییەکەی ڕاگەیاندن دەرناچێت، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتیانەتر کاردەکات. بە بۆچوونی هەریەك لە موحەممەد و پێندرۆیی. ئەم پێویستیانە لە خۆ دەگرێت: (موحەممەد،2008، ل48)، (پێندرۆیی، 2010، ل162).

1- ڕاگەیاندنی تایبەتمەند هەرەمەکییانە نییە و پێویستی بە پلانێکی وردی زانستیانە هەیە.

2- هەبوونی ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند: کە پێویستە شارەزایی باشیان لە بوارەکەدا هەبێت.

3- دەستنیشانکردنی جەماوەر: ئەو جەماوەرە کێیە، کە بە ئامانج کراوە و پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت؟

4- دەستنیشانکردنی ئامرازی ڕاگەیاندن: کام ئامراز پتر دەتوانێت پەیامەکە بگەیەنێتە جەماوەری بەئامانجکراو؟

5- پێشکەوتن و سەرچاوەی تازەی ڕۆژنامەوانی، چونکە کایەی ڕاگەیاندن بەگشتی کایەیەکی هەستیارە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێکۆڵینەوەی زانستی نوێ و تیۆری زانستی دێتە کایەوە پێویستە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند بەردەوام بەدوای زانیاری تازە لە بوارەکەی خۆیدا بگەڕێ.

**گرنگترین ڕۆڵی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ئەمانەن: حوسێن قەندی لە کتێبی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند" کە کارزان موحەممەد وەریگێراتەوە سەر زمانی کوردی لە لاپەرە (74) پێیوایە: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند چەند ڕۆڵێکی هەیە لە گرنگترینیان:**

1- گومانی تێدانیە، کە ڕاگەیاندن کاریگەری بەسەر جەماوەرە دەبێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە پەیوەستە بە جیاوازی تاکەکان بەگوێرەی گوێگرتن و خوێندنەوە و تەماشاکردنیان.

2- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کاریگەری لەسەر سیستەمی ڕامیاری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوریدا. ڕادەوەستێت بە ڕادەیەکی زۆر لەسەر شێوە و شێوازی هۆکارەکان ئەم ڕاگەیاندنە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر دەوەستێتە سەر شێوەی دیاریکردنی سروشت و جۆری پێداویستی کۆمەڵگە.

3- دیاریکردنێکی ورد بۆ هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك بە پرسە سەردەمییەکان و خستنەڕووی بابەتەکان و ڕازیکردن بە تێگەیشتنێکی تایبەت.

4- پلانی زانستی بۆ ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی ڕاگەیاندن لە بواری دیاریکراودا، کە جیاوازبێت لە بوارەکانیتر، چونکە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی تایبەت لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەوپەڕی بایەخی پێدەدرێت لە قۆناغی هۆشیاریدا، وە لە قۆناغی کۆتایی وەڵامدانەوەیە.

5- گرنگی دامودەزگا ڕاگەیاندنەکان بە هەموو کەناڵ و پرۆگرام و نوسراو و بینراوەوە، کە دەبێت چاو بگێردرێتەوە بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەك، کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆحییەتی تایبەتکراو، ئەمەش یەکێکە لە ڕوخسارە هەرە بنچینەییەکانی ئەم چەرخە.

6- دڵنیابوون لە هەبوونی کارمەندی ڕاگەیاندکاری تایبەت لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکاندا لە ڕوانگەی پیشەیی بوون و ئەزموونداد.

7- گەشـەپێدان بە ئەدای پیشـەیی بۆ ڕاگەیاندکارە پیشـەییەکان لە بوارە تایبەتمەندییەکەیدا کە ڕاهێنانیان پێبکرێت وە لەگەڵ زانایانی سەردەم و پیاوە بە ئەزموونەکان لە بواری تایبەتدا قسە بکەن و کۆڕ و سیمینار ببەستن.

8- سەرچاوەکانی زانیارییە هاوچەرخییەکان لە بوارە تایبەتمەندییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.

9- پەیامی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند پێویستە ئاشنا بێت بەو جیاوازییە بنچینەییانەی، کە لە نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا هەیە.

پێویسـتە ئامادەکاری بەرنامە لەسـەر بنچینەی لێهاتوویی دابنرێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت لەگەڵ جەماوەر کارلێك بکات. بە کورتییەکەی سـەرکەوتنی ڕاگەیاندن لە بوارەکانی تایبەتمەند بە ڕاددەیەکی زۆر لەسـەر تێگەیشـتن و هۆشـیاری خەڵك ڕادەوەستێت، بۆیە پێویستە ئەم سێ توخمانەیان تێدا بەرجەستە بێت.

أ/ ئاستی ڕۆشنبیری زانستی لە هەموو بوارە تایبەتمەندییەکان بە دواداچوونێکی بەردەوامە بۆ هەموو شتێکی نوێ.

ب/ ئەزموون و توانست بۆ پێشکەشکردنی پەیامی ڕاگەیاندنە تایبەتییەکان، بە ئاستێکی هونەری بەرز.

ج/ هەبوونی گرووتین، لەلایەن پێشکەشکاری تایبەتمەند، چونکە هەبوونی گرووتین کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر خەڵك.

**سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە جیهاندا:**

تایبەتمەندی لە بواری ڕاگەیاندندا سـەرەتا لە ڕۆژنامە، واتا لە ڕاگەیاندنی خوێنراو دەسـتیپێکرد دواتر بیسـتراو و بینراویشـی گرتەوە، لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، دەسـپێکی ڕاگەیاندن بۆ سـەرەتای سـەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، کە یەکەمین ڕۆژنامە لەسـاڵی 1605 دەگەڕێـتەوە و هەنـدێکیش دەیگەڕێـننەوە بۆ سـاڵی1609 کە بەنـاوی Relation aller furnemmen and gedenckwurdigen historien کە لەلایەن (یۆگـان کـارلۆس)، دەرچووە.(سـەپـان،2015،ل44)، ڕۆژنـامەوانی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دارایییەکەی دابینکراوە، (تـاهیر,2020,52). هەرچی رادیۆ و تەلەڤزیۆنیشـە، تـا ئەندازەیەك لەلایەن میرییەوە هەڵدەسـورێنرێت، بۆیە وەك کەناڵێکی فەرمی و گشـتی سـەرنجی دەدرێتێ، کەواتە ئەرکی ئەم کەناڵە فەرمی و گشـتیانە پێشکەشکردنی بنەما سەرەکییەکانە لە زانیاری و فێرکردن و ڕۆشنبیری، هەر لەبەر ئەمەشە، دەبێت هەر خانەوادەیەك لە ئەڵمانیا ساڵانە بڕێك پارە بداتە میری بۆ بەڕێوەبردنی ئەو رادیۆ و تەلەڤزیۆنانە، هەندێك رادیۆ و تیڤی دیکەی تایبەتیش هەن دارایییەکەی لە ڕێگەی ڕێکلام و پروپاگەندەوە دەستەبەر دەکرێت. بۆ یەکەمجاریش لە (1641) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی دوو لاپەڕەیی تایبەت بە هەواڵ بەناوی (ریڤیو) لە بەریتانیا دەرچوو، لاپەڕەی یەکەمی بۆ هەواڵەکانی پەرلەمان و هی دووەمی بۆ هەواڵەکانی ڕۆژ تەرخـانکرا بوو(ئەمین,2001,ل8.). لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیش لەبارەی ڕاگەیـاندنەوە، سـەرەتـای سـەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بە لە دایکبوونی گۆڤاری "زانایان" لەساڵی (1665) لە فەرەنسـا وەك دەسـپێکی یەکەمین گۆڤاری تایبەتمەند دادەنێن، ئەوەش لەسـەردەمی (ڕێنیسـانس)دا، واتە پەیدابوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند هاو واتایە بۆ هەڵ و مەرجی هەر سـەردەمێك، کە تیایدا پەیدابووە،(أبوزید، عبدالمجید، 2002،ص15). بەڵام سـەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لەسـەدەی نۆزدەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هاتنە ئارای پاشکۆکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەر بە گەورە ڕۆژنامەکان لە فەرەنسادا، بە دەستپێکی نوێی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دێتە ئاراوە. (تاهیر، 2020،ل51). (جۆرناڵ دیس سـاڤانتس) بەیەکەم ڕۆژنامەی وێژەیی لە مێژووی فەرەنسـا دادەنرێت، ئەویش دوای ئەوەی (کۆلبیر)ی ئەدەب دۆست لەساڵی 1665 بە فەرمی داوای لە(دینی دو سالو) زانا و ڕاوێژکاری پەرلەمانی فەرەنسـا کرد، پۆسـتی سـەرنووسـەری ڕۆژنامەکە لە ئەستۆ بگرێت، بەم شێوەیە لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا 1665 یەکەم ژمارەی چاپکراو بڵاوکرایەوە. (أبوعرجە، 2000، ص27.).

بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەنوسـی بەریتانیادا لە سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەیەمدا نووسـەر و ڕۆژنامەنوس (دانیال دیڤۆ) لە (1660-1731) پاشـکۆیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسـی بەناوی (ئابرۆبەر) دەرکرد، کە بەیەکەم پاشـکۆی تایبەتی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسـی جیهان دادەنرێت.(بابۆڵی، 2013، ل 25). یەکەم ڕۆژنامە بۆ منداڵانیش لە نێوان سـاڵانی 1747 – 1791 لە فەرەنسـا دەرکرا، لەلایەن ئەدیبێك کە ئەوکات ناوی دروسـتی خۆی نەنوسـیوەو بەناوی خوازراوی هاوڕێی منداڵان بڵاویکردۆتەوە هەر ئەو ناوەشی لە ڕۆژنامەکە ناوە، دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەکی سادەیە بۆ ڕۆژنامەنووسی بواری منداڵان. دواتریش بە شێوازێکی نوێی تایبەت لەڕووی دیزاین و شێوەوە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە بواری منداڵان هەمدیسان لە فەرەنسا لە سـاڵی 1830 دەرچوو.(علیوات، 2007، ص6). پەیدابوونی یەکەمین ڕۆژنـامەی وەرزشـی جیهـانی لە بەریتـانیا بوو ئەو ڕۆژنامەیە مانگانە بوو بەناوی (زەنگەکانی ژیان bells life) لەسـاڵی 1838 دەرچووە پاشـان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ژیانی وەرزشـی sporting life – )(قە ندی،2008،ل146.). یەکەم گۆڤاری زانسـتی لەسـاڵی 1872 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن مامۆسـتایەکی کیمیاوی(ئەدوارد یومانز) لە زانکۆی هارفارد بەناوی زانسـتە سـەرەتاییەکان(populay science) دەرچووە. (ابراهیم، ص85.).

یەکەم رۆژنامەی تایبەت بە پۆشـاکیش لەسـاڵی 1879 لە پاریس بەناوی (نوسـینگەی پۆشـاك) دەرچووە، کە چەندین وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێشی تێدا بڵاوکراوەتەوە.(بابۆڵی، 2013، ل 25.).

بەشی سێیەم: ڕاگەیاندنی ژنان و مێژووی سەرهەڵدانی

**سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پرسی ژنان:**

ڕۆژنامەی ژنان بە پێشکەوتووترین شێوەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دادەنرێت، لە بواری ڕاگەیاندنی ژنان لە سەرەتادا دەرچوونی لاپەرەی تایبەت بە ژن لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتیەکان، بەمەش ململانێیەك پەیدابوو دەگوترا چۆن دەبێ لاپەرەی تایبەت بە ژن هەبێت و بایەخ بە گیروگرفتەکانیان بدات و ئاریشە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکات، کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. دواتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوت، بەهۆی فراوانبوونی بایەخدان بەشێوەکانی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوی ژنان. بەمەش ژمارەیەك بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی سەریهەڵدا.

**ڕاگەیاندنی ژنان لە خۆرئاوا:**

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فکری فیمینیستی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پرسی ژنان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوت، شوێنی سەرهەڵدانیشی ئەوروپا و خۆرئاوابوو بەگشتی، بەکۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی 1939-1945 هاوڕێ لەگەڵ هەڵکشانی ڕەوتی فێمینیستی لە ئەوروپا و پەرەسەندنی بیری فیمینیستی لە وڵاتانی جیهاندا ژمارەی ئەو گۆڤار و چاپکراوە تایبەتییانەی باسیان لە پرسی ژن و مافەکانی دەکرد ڕووی لە زیادبوون کرد. لەمیانەی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕاگەیاندنی ژنان ئەو گۆڤارانەی تایبەت بوون بە ژنان وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاری کۆمەڵگەبوون و ئامانجیان گەیاندنی ئەو پەیامە بوو، کە ژنان هۆشیار ببنەوە و ئاشنای ماف و داواکارییەکانیان بن.

**ڕاگەیاندنی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی:**

هەرچەندە ڕاگەیاندنی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی لە دوای خۆرئاواوە بوو بەڵام دەرچوونی گۆڤارێکی تایبەت لە بواری ژنان بەناوی (المجلة الفتاة) لەلایەن (هیند نوفل) بە ڕەگەز لوبنانی لە 1892 لە ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی ژنانی میسری و ژنانی عەرەبی بەتایبەتی.(أبو زید و عبدالمجید,2002,ص23). لەدوای ئەویش گۆڤاری (الحسناء لە 1909) لە لوبنان لەلایەن جرجی نقولایاز، لەسوریا لە 1910 گۆڤاری(العروس) لەلایەن ماری عەبدە عەجمی دەرچووە. لە عیراقیش 5ی ئۆکتۆبەری 1923 پۆلینا حەسون یەکەم گۆڤاری تایبەت بە ژنان بەناوی لەیلا دەرکرد. لە ولاتانی عەرەبی ئەوکات زیاتر ناوەرۆکی پەیامی زۆربەی ئەو بڵاوکراوانە لە خزمەتی پرسی ژن دانەبوون، بەڵکو زیاتر خەریکی بە کاڵاکردنی ژن و بچوککردنەوەی رۆڵیان بوو. یاخود پەیامەکەیان ئاراستەی چینێکی دیاریکراوی ژنان دەکرد، کە ئەوانیش باڵادەستەکان و ژنانی نێو کۆشکەکان بوون، چونکە خودی گۆڤارەکان ببوونە ناوەندێك بۆ کۆپیکردنی وێنای ژنی ئەوروپی و ژنی هۆگری ماڵ و جوانکاری و ئارایشت و دایکایەتی دەکرد و لەڕووی وروژاندنی کایەی سیاسی و ئابووری و ڕۆڵی ژن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا لاوازبووە.

لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی ژنان تەنها ڕازاندنەوەی لاپەرە و پرکردنەوەی نییە یان فێرکردنی خۆ ڕازاندنەوە و منداڵ بەخێوکردن و ئارایشت و جوانکاری نێوماڵ و گەڕان بەدوای مۆدیلات نییە، بەڵکو هەموو پێداویستییەکانی ژیان و ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەی ژنان و زیاد بوونی تێگەیشتنی و بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری، ڕامیاری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و هەواڵ و گۆڕانکارییە سەردەمییەکانیش لەخۆ دەگرێ. دوپاتی ئەوەش دەکاتەوە، کە دەبێت ژنیش ڕۆڵی هەبێت و بەشداربێت لە بەرهەمهێنان و کارکردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پێگەیاندنی نەوەکان و پێشڤەچوونی کۆمەڵگە.

**ڕاگەیاندنی ژنان لە کوردستان:**

ڕاگەیاندنی ژنان لە کوردستان بە گشتی پرسی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی بواری ژنانە، کە بوارێکی گرنگە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی زانستییانە بۆ ئەو کایەیە پێویستی بە کارمەندی باش و کاری باشتر و وردەکاری زۆرتر هەیە. د. رۆئیا تلوعی دەڵێت: «ژنانی کورد تا دەیەی پێش ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسیدا لاواز بوون، دواتر لە شەست و حەفتاکاندا ڕوویان لە هەڵکشان کردووە»، کە وردە وردە بوونەتە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان(حەمەسەعید، 2018،ل16). لە دوای ڕاپەرینەوە ڕۆژنامە حزبییەکان جەختیان لەسەر هەبوونی گۆشە و لاپەرەی تایبەت بە پرسی ژنان دەکردەوە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانیش ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەتییان هەبوو، لە رادیۆ حزبییەکانیش بەرنامەی تایبەت بە ژنان هەبوو. پاشان ئامرازی بیستراو و سایت و ماڵپەڕ و ڕاگەیاندنی ئەلیکرۆنی تایبەت بە پرسی ژنیش سەریهەڵدا.

**تایبەتمەندی ڕاگەیاندنی ژنان:**

ڕاگەیاندنی ژنان، جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند و لەسەر بنەمای دابەشکاری ڕەگەزی و لەپێناو خستنەڕووی واقعی ژن، داواکاری مافەکانی و هێنانەدی یەکسانی و گواستنەوەی دۆخی ژن، لە ژێر دەستییەوە بۆ سەربەستی هاتۆتە ئاراوە و لە ڕێگەی ئامرازی دیاریکراوی ڕاگەیاندنەوە پەیامەکەی ئاراستەی جەماوەری دیاریکراو، کە (ژنانی ئازادیخواز و پیاوانی

یەکسانیخوازن) دەکات. کۆمەڵێك کەسی تایبەتیش، لە بوارەکانی خۆیاندا کاری تێدا دەکەن. ئێستا بە ئاراستەی پیشەیی بووندا دەڕوات، پەیامێك ئاراستەی کۆمەڵێك خەڵکی دیاریکراو دەکات، کۆمەڵێك بابەت و گرفت لەسەر مەسەلەی ژن چارەسەر دەکات. بەڵام کەسانی شارەزا و بیرمەند لەم بوارەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی ژنان سەرکەوتووبێت لە کارەکەی پێویستە وەڵامی جەماوەرە تایبەتییەکەی خۆی بداتەوە، یان وەڵامی ئەوانەی گرنگی بەم بوارە دەدەن و پرسی ژنان لای ئەوان بۆتە جێی باس، چونکە ڕاگەیاندنی ژنان لە تەنیشت ڕاگەیاندنە گشتییەکەوە پەرە بە بواری گەشەسەندن و پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی دەدات. ئەمەش لەمیانەی ڕیتمی تایبەت بەخۆی هەروەها کار لە سەر نەمانی بۆشایی دەکات لە جیهانی ڕۆشنبیری گشتی و ژیانی تایبەتی جەماوەرەکەی. ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن نەك هەر تەنها بایەخ دانە بە گیروگرفتەکانی ژنان بەڵکو تایبەتمەندی تایبەتی وەرگرت وەك لە بواری چێشتخانە و کەل و پەلی ماڵەوە، یان لەبواری بەڕێوەبردنی ماڵ، یان لەبواری پەروەردەکردنی منداڵ، چاودێریکردنی خێزان، جوانکردنی ژنان و پۆشاك و ماکیاژ و دەست ڕەنگینی، بایەخدان بە پێست، وەرزشی ژنانە و شتی دیکەش. بەمەش تارادەیەك کێشەی ژنان کەمتر بۆوە و ڕۆڵی هەبو لە هۆشیار بوونەوەیان بە ماف و ئەرکەکانیان بەرامبەر خۆیان و خێزان و کۆمەڵگە. کە دەکرێ بەمەش بگوترێ دوایین جۆری ڕاگەیاندنی تایبەتکراو بۆ ژنان بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بۆ گرنگیدان بە ژن و ئاگادار کردنەوەیان لە داواکاری و ئاشنابوون بە ئەرکەکانی و گفتوگۆکردن لەسەر گرفتەکانی، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە، وەکو هاوسەرێتی، تەلاق، پەروەردەی خێزان و منداڵ، چاودێریکردنی خێزان.

**لە دیارترین بایەخدان و ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتکراو بۆ ژنان ئەمانەن: (د. السيد احمد، مصطفى عمر), لە کتێبی (الاعلام المتخصص) وای بۆ دەچن:**

**1-** پابەندبوون بە ڕێزگرتنی بەها و ئاکار و باوەڕ پێکراوەکان، تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانینی ژنانەوە بۆ ژنان و لە ڕوانینی پیاوانەوە بۆیان. مافەکانی بەدەست ناهێنێ ئەگەر لەڕووی کۆمەڵایەتی خۆی نەگۆڕێت و پێشنەکەوێت.

**2-** هۆشیارکردنەوی ژن و زیادبوونی تێگەیشتنی و خۆ ڕۆشنبیرکردنی بە گرفتەکانیان و پێشبینیەکانی ژیانی ڕۆژانەی.

**3-** دوپاتکردنەوە لەوەی کە دەبێت ژن بەشدار بێت و ڕۆڵی هەبێت لە چاککردنی کێشەکان و خوێندن و بەرهەمهێنان و کارکردن و بەرەو پێشچوون و پێگەیاندنی نەوەکان شانبەشانی پیاو، کە ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتییەکە.

**4-** چالاککردنی ژن و هۆشیارکردنەوەی بە لابردنی ئەو کۆت و بەندانەی کە ڕێگرن لەبەردەمی، سەربەستی پێبدرێت.

**نمونەی چەند ڕۆژنامەیەك، کە تایبەتبوون بە ژنانی کورد چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستان:**

**(ئافرەتی ئازاد -1952 – سلێمانی)** گۆڤارێکی ژنانەیە بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین – ئەلفوبێی عەرەبی ساڵی 1952 لەشاری سلێمانی دەرچووە، یەکەمین گۆڤاری ژنانی کوردە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی دەرچووە.(فریاد، 2012)، گۆڤاری (ئافرەت– المرأه (1959- بغداد) گۆڤارێکی گشتی ئافرەتانی مانگانەی نا ڕێك بوو بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی ئەلفوبێی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، ئۆرگانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق بوو ژمارە یەکی لە ئایاری 1959 دەرچووە و تا داخستنی لە مانگی ئابی 1962 پازدە ژمارەی لێدەرچووە(جباري، 1975، ص57.). (باشووری کوردستان 1962) گۆڤاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەسەردەمی شۆرشی ئەیلول لە شاخ بەزمانی کوردی یەکەم ژمارەی دەرچووە. (دەنگی ژنان 1979 – مهاباد) گۆڤارێکی گشتی ژنان بوو تەشکیلاتی ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) لقی مهاباد دەریکردووە، تەنها دوو ژمارەی لێدەرچوو ژمارە یەکی لەساڵی 1979 دەرچووە و ژمارەی دووی لەساڵی 1980 دەرچووە. **(نەورۆزی،2002، ل2.)**، (کاروانی ئافرەت- 1980- ) بڵاوکراوەیەکی گشتی ئافرەت بوو یەکێتی ئافرەتانی عێراق – لقی سلێمانی دەریکردووە، ژمارە یەکی 15/ 8/ 1980 بە قەبارەی هەشت لاپەرەیی شێوە بچووك دەرچووە. (ئافرەتی کورد - 1980- ) گۆڤارێکی گشتی ئافرەتانەی چوار لاپەرە بوو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی عێراق بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەرچووە، یەکەم ژمارەی ئەم بەشە کوردییە لەگەڵ ژمارەی مانگی 12/ 1980 دەستی کردووە بە دەرچوون دوای ماوەیەکی کەم ئەم بەشە کوردییەی هەر زوو ڕاگیراوە.(گۆڤاری خانزاد - 1982- هەولێر) گۆڤاری خانزاد لەهەولێر دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە 1982 دەرچووە و لەساڵی 1983 گۆڤارەکە وەستاوە.(تەنیا، 2013،ل145). (دەنگی ئافرەت) ژمارە(1) لە شوباتی 1986 لە ئێران بە دوازدە لاپەرە لەشێوەی پەرتوك لەلایەن لقی ئاوارەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان – عێراق دەرچووە، ژمارە شەشی لە ئایاری 1990 لە ئێران دەرچووە، ژمارە حەفتی لە تەمموزی 1992 لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی - عیراق بەردەوام بووەوە و بۆتە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی و دروشمی گۆڤاریش بۆتە (ئاشتی، ئازادی، یەکسانی، داد پەروەری) دواتر ژمارە (9) لە 1996 لە پیرمام دەرچووە هەر لەم ژمارەیەوە دەستەی گۆڤار دیاریکراوە خاوەنی ئیمتیاز (شیرین ئامێدی) و سەرنووسەری (پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی) و دەستەی نوسەران (نەزیرە بامەرنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سەبیحە بارزانی،

سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا) ژمارە (10)ی لە بەهاری 1996 بە (60) لاپەرە دەرچووە و ئەم جارە بۆتە گۆڤارێکی وەرزی رۆشـنبیری و رامیاری گشـتی لەم ژمارەیەدا ناوی دەسـتەی نوسـەران لە سـەر گۆڤارەکە نەماوە و ژمارە (11) ی لە هاوینی 1996 ژمارەی (12) تایبەتە و لە مانگی کانونی یەکەمی 1996 دەرچووە، سـکرتێری نووسـین (چیمەن عومەر صـالح) بووە، ژمارە (13) لە 15/ تەمموزی 1997 دەرچووە، لەجیاتی دەستەی نوسەران نوسراوە بە سەرپەرشتی (سنۆبەر سابیر) ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان دەرچووە، ژمارە (15) لەچاپخانەی کۆلێژی شـەریعە لە دهۆك لەسـاڵی 1998 چاپکراوە. (ئامێدی،1997،ل96).

(رزگارکردنا ژن - 1989- ئەلمانیا) گۆڤارێکی سـیاسـی گشـتی ژنانە لە ئەڵمانیا بەزمانی تورکی دەرچووە، بەرپرسـیاری (دۆران) ژمارە یەکی لەسـەرەتای 1989 و ژمارە 2ی لە مانگی ئادار و نیسـانی 1989 بەقەبارەی گەورەو وێنەدار دەرچووە. **(نەورۆزی ، 2002، ل2.)** ،(ژنا کورد- 1989 – باشـوری رۆژئاوا) گۆڤارێکی ژنانی کوردە لەساڵی 1989 بەزمانی عەرەبی لە رۆژئاوای کوردستان دەرچووە. (تەوار - 1990 – سەقز – سلێمانی) گۆڤاری یەکێتی (ژنانی کوردستان (باشور) ژمارە (1) ی لە 1990/3/1 لەلایەن ی.ژ.ك. دەرچووە، تـا ڕاپەرینی ئـاداری 1991 دوو ژمـارەی لێدەرچووە، شـەش مـانـگ جـارێك دەردەچوو لە دوای ڕاپەرینیش(13)ژمارەی لێدەرچوو، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ وەستا، دواتر دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوە.

(ژیان 1991 – المانیا) گۆڤاری ژیان لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردسـتان لە ئەڵمانیا بە زمانی (کرمانجی ژووروو) و تورکی و ئەلمـانی ئەلفوبێی لاتینی دەرچووە، ژمارە یەکی لە مـانگی ئـاداری 1991 و ژمـارە 10ی لە مـانگی ئـاداری 1994 و ژمـارە 24و 25 ی بەیەکەوە لە مانگی ئایاری 1998 دەرچووە و لەم ژمارەیەدا دەسـتەی نوسـەران بەم شـێوەیە نوسـراوە (زوبەیدە – زەرین – بەلگین) ژمارە 26ی لەسـاڵی 1998 دەرچووە، بەقەبارەی گەورە و وێنەدار. (سـێبەر - 1991- هەولێر) گۆڤارێکە یەکێتی ژنانی کوردستان لقی هەولێر مانگانە دەریکردووە، بە زمانی کوردی ژمارە یەکی لە ناوەراستی 1991 بەناوی نامیلکەی سێبەر دەرچووە ژمارە (3) لە مانگی ئابی 1991 بە 32 لاپەرەی قەبارە گەورە بە ناوی گۆڤار لە چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر دەرچووە.(یەکبوون - 1992- هۆڵەندا) گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری گشـتی ژنانە، یەکێتی ژنانی کوردسـتان لە هۆڵەندا بە کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی دەریکردووە ژمارە یەکی لە سـاڵی 1992 دەرچووە. (ژین- 1992- دهۆك) بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان/ لقی دهۆك - نەینەوا بە زمانی کوردی و عەرەبی ژمارە سـفری لە ئاداری 1992 بە 32 لاپەرە بەشێوەی گۆڤاری ناوەند دەرچووە.

(مهاباد - 1992- دهۆك) گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشـنبیری گشـتی سـەربەخۆیە دەنگی ژنانی کوردسـتانە، لەشـاری دهۆك دەرچووە بە زمانی کوردی کرمانجی ژووروو ژمارە یەکی لە تەمموزی 1992 دەرچووە، (دەنگی ئافرەت- 1993- هەولێر) گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی گشتییە لە ژمارە (4) دا بووە بە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانی عیراق بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین دەریکردووە، جگە لە بەرگ بە 24 لاپەرە دەرچووە، ژمارە (6) لەمانگی حوزەیرانی 1996 دەرچووە ژمارە (8) لە مانگی تشـرینی دووەمی 1999 بە چوار لاپەرەی شـێوەی ڕۆژنامە دەرچووە. (یەکسـانی - 1993 – سلێمانی ) گۆڤارێکی سیاسی گشتی ژنانەیە چوار ساڵی یەکەمی وەرزی بوو پاشان تا ساڵی 1998 دوو مانگی بوو پاشان بووە مانگانە و بە زمانی کوردی کرمانجی ژووروو ئەلف و بێی لاتینی و بە تورکی دەرچووە، لە سەرەتاوە بەناوی (یەکیەتی ژنانی وڵات پارێزی کوردسـتان) و لەسـاڵی 1994 موە بەناوی (تەڤگەری ئازادی ژنانی کوردسـتان) موە لەسـاڵی 1995 موە بەناوی (یەکیەتی ئازادی ژنانی کوردستان) و لەساڵی 1999 موە بەناوی (پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان) لەپایزی ساڵی 2000 موە (پارتی ژنانی ئازاد) موە دەرچووە. ژمارە یەکی لەساڵی 1992 دەرچوو، بە قەبارە گەورە و وێنەدار و رەنگینە تا ئێستا زیاتر لە 60 ژمارەی لێدەرچووە و بەردەوامە. ژیانەوە -1997 – سـلێمانی) ڕۆژنامەیەکی ڕۆشـنبیریە، سـەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانی کوردسـتان مانگی دووجار بە زمانی کوردی دەریکردووە، ژمارە یەکی لە ناوەراسـتی مانگی حوزەیرانی 1997 دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی (شـەمام شـەوقی) بوو. سـەرنوسـەری (هاوژین مەنمی) بوو. جێگری سـەرنووسـەر (ڕوناك فەرەج) بوو. دواتر خاوەن ئیمتیازی بووە (ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان)، سەرنوسەری (پەیمان عیزەدین ) بوو. قەبارە و شێوەی رۆژنامەی ئاسـایی و وێنەدار بووە. (رۆزا - 1998 – ئیسـتەنبول) گۆڤارێکی ژنانەی کوردییە لەسـاڵی 1998 لە ئیسـتەنبول دەرچووە، بە زمانی تورکی و کوردی کرمانجی ژووروو ئەلفوبێی لاتینی. بەسەرپەرشتی فاتمە بەقەبارەی گەورە و وێنەدار بووە.(ژن - ژیان - 1998- ئامەد) گۆڤارێکی سیاسی گشتی ژنانی کوردە بە کرمانجی ژووروو بە ئەلف و بێی لاتینی نوسراوە.

(ل ژیاندا ژنا ئازاد - 1998 – ئیسـتەنبول) گۆڤارێکی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و گشـتی و مانگانەی ژنانەیە، (ناوەندی بڵاوکردنەوەی هێڤی) بە دروشـمی(ژنی ئازاد – نیشـتمانی ئازاد) لە ئیستەنبول دەرچووە بە زمانی تورکی، ژمارە یەکی مانگی یەکی 1998 دەرچووە، ژمارە (11) ی لە مانگی 11/ 1998 دەرچووەن خاوەن ئیمتیازی (سـوریا بالتا) بووە، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین (سەمانور ئۆزەل) بووە. لە ژمارە سێیەوە بۆتە (تولای بالجی) ژنە پەرلەمانتاری زیندانی کراوی کورد لەیلا

زانا لە زیندانەوە بە نووسین و وتار و لێکۆڵینەوە بەشداری لەم گۆڤارە کردووە، قەبارەی سەرجەم ژمارەکانی 48 لاپەڕەی گەورەیە، وێنەدار و بەرگ ڕەنگینن لە چاپخانەی سەرلار- ئیستەنبول چاپکراوە.

(مافی ئافرەت- 1998- هەولێر) گۆڤارێکی گشتی ئافرەتانە لە هەولێر بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی دەرچووە ژمارە سفری لە 1/نیسانی 1998 دەرچووە، قەوارە گەورە و وێنەدار و بەرگ ڕەنگین بووە.

(ژن و ژیار - 1998- هەرێمی زاگرۆس) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و هزری و سیاسی و سەربازی گشتی ژنانە، بەشی سەربازی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان دەریکردووە، دوو ژمارەی یەکەمینی بەناوی (ژن و ژیار لە بناری چیای زاگرۆس) لە هەرێمی زاگرۆسی باکوری کوردستان (جۆڵە مێرگ) و ژمارەکانیتری دواتری لە چیاکانی باشوری کوردستان بەناوی (ژن و ژیار) دەرچووە، بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی و تورکی و لاتینی ژمارە (1)ی لە بەهاری 1998 دەرچووە و ژمارە (7) ی دوا ژمارەیەتی لە پایزی 1999 بە قەبارەی گەورە و وێنەدار دەرچووە.

(نڤار - 1998 – سلێمانی) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و گشتی وەرزییە لەشاری سلێمانی بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی (ڕێکەوت عوسمان مەجید ) و سەرنوسەری (کازیوە سالح) بووە، ژمارە یەکی لە 1998 بە 236 لاپەرە دەرچووە، ژمارە (8) ی دوا ژمارەیەتی لە زستانی 2000 دەرچووە زۆربەی تیراژی ئەم ژمارەیە لە بازار و پەرتوکخانەکاندا کۆکراوەتەوە و ڕێگە نەدراوە بڵاو بکرێتەوە بەهۆی وتارێکی سەرنوسەرەکەی بووە، لە ژمارە (8) بەناونیشانی (ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا) بۆیە داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمارکراوە ئەم گۆڤارە داخراوە، نەتوانراوە هیچ ژمارەیەکی تری لێدەربکرێ بەدوای ئەو یەکسەر گۆڤاری نوێکار شوێنی گۆڤاری نڤاری گرتوتەوە و لەهەر ژمارەیەکدا دۆسیەی تایبەت بە ژن و مەسەلەکانی بڵاوکراونەتەوە.

(ژین - 1998- ئیستەنبول) گۆڤارێکی سیاسی کلتوری کۆمەڵایەتی ژنانە، ژمارە (1) لە سەرەتاکانی ساڵی 1998 لە ئیستەنبول بە زمانی کوردی کرمانجی ئەلف و بێی لاتینی و تورکی بە قەبارەی گەورە و وێنەدار دەرچووە.(دەنگێ ژیان - 1999- لبنان) گۆڤارێکی سیاسی گشتی ژنانە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ولاتی لبنان لەلایەن نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پارتی ژنانی کرێکار و پارتی ژنانی ئازاد ژمارە (1)ی لە ئاداری 1999 بە قەبارەی گەورە و وێنەدار دەرچووە. (ڕاسان -2000- سلێمانی) بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئافرەتانە، خاوەنی ئیمتیاز ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان سەرنوسەری (سروە کاکە جوان) بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی ژمارە (22) لەتشرینی یەکەمی 2003 بە قەبارە و شێوەی ڕۆژنامەی ناوەندی وێنەدار دەرچووە.(نوێکار - 2000- سلێمانی) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە سەرنوسەری (کازیوە سالح) بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین ئەلف و بێی عەرەبی، ئەم گۆڤارە دوای داخرانی گۆڤاری نڤار لەسەر هەمان ڕێباز دەستی بە دەرچوون کردووە، ژمارە (1) لە هاوینی 2000 دەرچووە، ژمارە (2) لە پایزی هەمان ساڵدا دەرچووە بە قەبارە و شێوەی گۆڤاری ناوەند. (دەنگی خانمان - 2000- سلێمانی) ڕۆژنامەیەکە ئۆرگانی یەکێتی خانمانی کوردستان ساڵی 2000 لەشاری سلێمانی دەریکردووە، بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ئەلف و بێی عەرەبی دەرچووە. (گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا، ژن – ژیانە: گۆڤارێکی گشتی کلتوری: مێژوویی - زانستی- کۆمەڵایەتی هەمە لایەنی دۆزی ئافرەتانە – وەرزی ئازادە: ژمارە یەکی لە 10-10-2010 لە شاری هەولێر دەرچووە، خودانی دەرکردن و سەرنووسەری مومتاز حەیدەریی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بوو ژمارە یەك (32) لاپەڕەیە، (39) وتاری گرتوتە خۆی کە لەلایەن (39) نووسەر نووسراون.(8) هەشت ژمارەی لێدەرچووە، کە ژمارە (8) ی لە 2015/3/8 دەرچووە، بەناوی ژمارە ی شەهیدان. هەولێر کوردستان.

**ئەنجام: دەتوانین بڵێین لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە**

1-ڕاگەیاندنی ژنان گرنگی تایبەتی پێدراوە و بە بایەخەوە سەیر کراوە.

2-ڕاگەیاندنی ژنان خزمەتی بواری ژنان و دۆزی ژنی کردووە.

3-بڵاوکراوە هەیە چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووە و هەشیانە بۆ ماوەیەك بەردەوامی هەبووە.

4-مێژووی ڕاگەیاندنی ژنان لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا پێشەنگە و ڕاگەیاندنێک گەشەی کردووە، بە ڕاگەیاندنی ژنان ناوزەد کراوە و خاوەن تایبەتمەندییەتی خۆیەتی.

5-ژنیش قەڵەمی تایبەت بەخۆی و نووسینی خۆی هەبووە و ویستوویەتی لە ڕێگەی وەشانەوە دەنگی، بەرهەمی، بیرۆکەی، تێڕوانینی بگاتە جەماوەر و خوێنەر.

6- هەبوونی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تایبەت بە ژن بۆتە سەکۆیەك بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی ژن و کێشە و گرفتەکانی و داواکردنی مافەکانی و ڕۆشنکردنی بیری ژن.

**ڕاسپاردە:**

1- بایەخدانی زیاتر بە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەتایبەت ڕاگەیاندنی ژنان .

2- بەرز كردنەوەی ژن بۆ ناوەندەكانی بریار وەرگرتنی دەسەلات لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و بەشداریكردنی ژن لە دانانی پلان و ستراتیژیەتی كاری كەناڵەكە.

3- داكۆكیكردن لە خامەی ژنان و هاندان و ڕیزلێنان لە كارمەندی ژن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بەكاری ڕاگەیاندن بدەن.

4- پشتیوانیكردن لە ڕاگەیاندنی ژنان و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنیان.

**پێشنیاز:**

1- دەكرێ توێژینەوەیەكی وورد و هەمەلایەنتر لەو بوارە ئەنجامبدرێت زیاتر كرۆكی مێژوویی و تایبەتمەندی ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن(ڕاگەیاندنی ژنان ) تیایدا باسبكرێ.

2- ڕێكخراوەكان و لایەنە پەیوەندداراەكان گرنگی زیاتر بەم بوارە بدەن و قوڵتر بچنە سەر ئەم بوارە و هەوڵبدرێ كەناڵی ئاسمانی تایبەت بە ژنان لە كوردستان دابمەزرێنرێت.

**سەرچاوەكان:**

**بەزمانی كوردی:**

1- تەنیا، اسماعیل، رابەری رۆژنامەگەری كوردی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2013

2- حوسێن قەندی، رۆژنامەوانی تایبەتمەند، و:لە فارسییەوە كارزان محەمەد، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،2008.

3- ڕێناس نەورۆزی، بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی ژنانی كوردستان، 1952-2000، بەبێ ناوی چاپخانە و شوێن، 2002.

4- شیرین ئامیدی, دەنگی ژن، لەبلاوكراوەكانی یەكیتی ژنانی كوردستان، هەولیر،1998.

5- كاروان عەلی قادر،"رۆژنامەگەری تایبەتمەند " گرنگترین بوارەكانی رۆژنامەگەری كوردی تایبەتمەند، 1914-1991" چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، 2007.

6- كامەران تاهیر، دەروازەیەك بەرەو میدیای تایبەتمەند، خانەی موكریان بۆ چاپ و بلاوكردنەوە، هەولیر،2020.

7- مەغدید سەپان، بنەماكانی ئێتیك و ئێتیك لە ڕاگەیاندنی كوردیدا، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، 2015.

8- محمد بابۆڵی، رۆژنامەنووسی تایبەتمەند، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013.

9- محەمەد صالح (پێندرۆیی)، رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئێتیكی رۆژنامەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.2010.

10- نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانی كورد، 1898- 1918" بەرگی یەكەم، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2001.

11- -فریاد، هیوا، ژن لە رۆژنامەگەری كوردیدا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2012.

بە زمانی عەرەبی:

1- أديب خضور، الإعلام المتخصص، المكتبة الإعلامية، دمشق،2003.

2- اديب خضور، الاعلام المتخصص، خصائص الكتابة الاذاعة والتلفزيون، دمشق، 2005.

3- اسماعيل ابراهيم، الصحفي المتخصص، ط2، دارالنشر والتوزيع، قاهرة، 2006.

4- تيسير أبوعرجة، دراسات في الصحافة والاعلام، دار مجلادي للنشر والتوزيع، عمان، 2000.

5- جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، 1975

6- سامية محمد جابر، منهجيات البحث الاجتماعي والإعلامي، دار المعرفة، القاهرة، 2000.

7- السيد احمد، مصطفي عمر، الاعلام المتخصص، دراسة وتطبيق، منشورات جامعة قاريونس، سنة 1997.

8- محمد عبد الحميد، البحث العلمي في الدراسات الإعلامية، عالم الكتب، القاهرة، 2000 .

9- محمد عدنان عليوات، مدخل الي صحافة الاطفال، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 2007.

10- فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد، الصحافه المتخصصة، كلية الاعلام، جامعة القاهرة، 2002.

11- ناديا هايل السرور، تعليم التفكير في المنهج المدرسي، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، 2005.

گۆڤار بە زمانی كوردی:

- نەزاكەت حسێن حەمە سەعید ، ژن لە ڕاگەیاندنی كوردیدا، گۆڤاری گوڵان، 16- 7-.2018.
https://www.gulanmedia.com/so/story/175405/1621545470-27963-%DA%98%D9%86

- گۆڤاری لەیلا قاسم – لەیلا زانا، ژن ژیانە، لە ژمارەکانی (1) تاکو (8).